هەرێمی کوردستانی عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر
کۆلێژی پەروەردەی مەخمور
بەشی زمانی کوردی

# " شوێن " لە ڕۆمانی ( زێبرا ) ی جەبار جەمال غەریب دا

ئەم پرۆژەی دەرچوونە پێشکەش بە بەشی ( زمانی کوردی )
کراوە وەک بەشێک لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی
بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستی زمان و ئەدەبی کوردی

ئامادەکراوە لە لایەن
**ئاسیا محەمەد خالد**

بەسەرپەرشتی
**د. ژیار سەرکەوت عبدالصمد**

نیسان- ٢٠٢٣

پەڕەی پشتگیری و واژووی سەرپەرشتیار

سەرپەرشتیار :
د. ژیار سەرکەوت عبدالصمد
واژوو: ( )

**لیژنەی هەڵسەنگێنەر:**

ناو: (                                   )، ناو(                                   ) :

واژوو (                                   )، واژوو(                                   ) :

# پێشکەش

پێشکەشە.

- بە دایک و باوکی خۆشەویستم
- بە هاوڕێ و هاوکارانم
- بە قوتابیانی بەشی زمانی کوردی
- بە مامۆستای  سەرپەشتیارم (د. ژیار سەرکەوت عبدالصمد) کە زۆر هاوکارم بوو.

# سوپاس و پێزانین

-سوپاس پێزانین ئاراستەی مامۆستای سەرپەرشتیارم دەکەم
(د. ژیار سەرکەوت عبدالصمد)
-سوباسی هەموو ئەو کەسانەی
هاوکارم بوون لە ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە.

# پێڕستی توێژینەوە


| | |
|---|---|
| پێشکەش | ا |
| سوپاس و پێزانین | ب |
| پێڕستی توێژینەوە | ج - د |
| پوختەی لێکۆلینەوەکە | ٥ |
| بەشی یەکەم | ١ |
| ١. پێشەکی | ١ |
| ١-١. ناونیشانی توێژینەوە | ١ |
| ١-٢. هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە | ١ |
| ١-٣. سنوری توێژینەوەکە | ١ |
| ١-٤. ڕێبازی توێژینەوەکە | ١ |
| ١-٥. گرفتی توێژینەوکە | ١ |
| ١-٦. ناوەڕۆکی توێژینەوەکە | ١ |
| ٢. بەشی دووەم | ٢ — ٧ |
| ٢-١. تەوەرەی یەکەم | ٢ |
| ٢-١-١. چەمکی شوێن | ٢ |
| ٢-١-٢. پێناسەی شوێن | ٣ |
| ٢-١-٣. گرینگی شوێن | ٤ |
| ٢-١-٤. ڕەهەندی کۆمەڵایەتی | ٤ |
| ٢-١-٥. ڕەهەندی دەروونی | ٥ |
| ٢-١-٦. ڕەهەندی مێژویی | ٦ |
| ٢-١-٧٠ ڕەهەندی نەتەوەیی | ٧ |
| ٢-٢. تەوەرەی دووەم | ٨ - ١٠ |
| ٢-٢-١. پەیوەندی شوێن بە ڕەگەزەکانی تر | ٨ |
| ٢-٢-١-١. پەیوەندی شوێن بە کاتەوە | ٨ |
| ٢-٢-١-٢. پەیوەندی شوێن بە کەسایەتییەوە | ٩ |
| ٢-٢-١-٣. پەیوەندی شوێن بە ڕووداوەوە | ١٠ |
| بەشی سێیەم: | ١١ |
| ٣. پراکتیزەکردنی جۆرەکانی شوێن لە ڕۆمانی (زێبرا)دا. | ١١ |

| | |
|---|---|
| ٣-١ .شوێنی واقیعی | ١١ |
| ٣ – ٢ شوێنی خەیاڵی | ١٢ |
| ٣-٣ .شوێنی کراوە | ١٣ |
| ٣-٤ .شوێنی داخراو | ١٤ |
| ٣-٥ .شوێنی هۆگری: | ١٥ |
| ٣-٦ .شوێنی ناهۆگری: | ١٦ |
| ئەنجامەکان | ١٧ |
| سەرچاوەکان | ١٨ — ١٩ |

## پوختەی لێکۆڵینەوەکە

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی (شـوێن لە ڕۆمـانی (زێبـرا)ی جەبـار جەمـال غەریـب)دا هەوڵـێکە بـۆ خوێنـدنەوە و بەدوا داچـوونی ئەو واتـا و مەبەسـتانەی کە شـوێن لە نێـو ڕۆمانەکەدا بە خۆوەی ئاوێزان کردووە. باسـی دەسـەڵاتی شـوێنی کـردووە لای مـرۆڤ بە گشتی و لای ڕۆمان نووس بەتایبەتی، توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە.

❖بەشـی یەکەم: لە دوو تەوەر پێکهـاتووە. تەوەرەی یەکەم بـاس لە چەمکی شـوێن و پێناسەی شوێن و گرینگی شوێن لە ڕەهەندەکانی شوێن کراوە.

❖ بەشی دووەم پێکدێ لە پراکتیزەکردنـی جۆرەکـانی شـوێن لە ڕۆمـانی (زێبـرا)دا کە پێکـدێت لە پێـنج جـۆر شـوێن لەوانە شـوێنی واقیعـی، شـوێنی کـراوە، شـوێنی داخـراو، شـوێنی هـۆگری، شـوێنی نـاهۆگری. لە کۆتاییـدا ئامـاژە بە گرینگتـرین ئەو ئەنجامـانە دراون کە لە لێکۆڵینەوەکەدا پێی گەیشـتووین. دواتـر لیسـتی نـاوی سـەرچاوەکان کە لە نەسین و بە ئەنجام گەیاندنی لێکۆڵینەوەکە، بەکارهاتوون خراونەتە ڕوو.

# پێشەکی:

١-١ .ناونیشانی توێژینەوەکە

ناونیشانی توێژینەوەکە (شوێن  لە ڕۆمانی (زێبرا)ی جبار جمال غریب)دا ئەم بابەتە وەک بابەتێکی ئەکادیمی توێژینەوەی کەمی لەسەر کراوە، بۆیە ئەم بابەتەمان هەلبژارد.

١-١-١ .گرینگی توێژینەوەکە:

ئەم بابەتە وەک بابەتێکی ئەکادیمی یەکەمین توێژینەوەیە بکرێت لە چوارچێوەی شوێن لە ڕۆمانی (زێبرا)ی جبار جمال غریب دا.

١-٢ .هۆی هەلبژاردنی توێژینەوەکە

هۆی هەلبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە توێژینەوەی کەم کراوە لەسەر چەمکی شوێن لە ڕۆمانە کوردیەکان، جگە لە حەز و ئارەزوو بۆ ڕۆمانەکانی (جبار جمال غریب).

١-٣ .سنووری توێژینەوەکە

سنووری توێژینەوەکە لە چوار چێوەی شوێنە لە ڕۆمانی (زێبرا)دا.

١-٤ .ڕێبازی توێژینەوەکە:

ڕێبازی توێژینەوەکە بریتیە لە ڕێبازێکی (وەسفی – شیکاری) کە تیایدا ڕۆمانی (زێبرا بە پێی بنەماکانی شوێن توێژینەوەی لەسەر کراوە.

١-٥ .گرفتی توێژینەوەکە:

گرفتەکانی توێژینەوەکە کەمی سەرچاوە و کەمی زاراوەپێویست بوون، جگە لە ئالۆزی و تێکچرژانی زاراوە زانستیەکان.

١-٦ .ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە جگە لە لیستی سەرچاوە و ئەنجامەکان، پێکدێت لە سێ بەش. بەشی یەکەم پێکدێت لە پێشەکی. بەشی دووەم پێکدێت لە زاراوە و چەمک و پێناسە و ڕەهەندەکانی. بەشی سێیەم لە پراکتیکەکردنی جۆرەکانی شوێن پێکدێت لە ڕۆمانی (زێبرا)دا.

## ٢ .بەشی دووەم

### ٢-١ .تەوەرەی یەکەم:

### ٢-١-١ .چەمکی شوێن:

چەمکی شوێن بابەخێکی گرینگی لە نێو لێکۆلینەوەکاندا پێدراوە، و شوێنی تایبەتیان بۆ داناوە. چەمکی شوێن فراوان و بەربلاوە بۆیە هەر لێکۆڵەرێک بە پێی بۆچوونی تایبەتی خۆی لە چەمکی شوێنی ڕوانیووە.چەمکی شوێن وەک بابەتێک دەکرێت لە جەند ڕوویەکەوە شرۆڤەی بۆ بکرێ، بۆ نموونە لە ڕووی هونەری یان زمانەوانی یان ئەدەبییەوە، ... هتد.

لێرەدا تیشک دەخرێتە سەر چەمکی شوێن لە ڕووی هونەرییەوە، مەبەست لە چەمکی هونەری شوێن لایەنی جوانی شوێنە. ((سەرچاوەی جوانیش چێژە، چەمکی هونەری شوێن چێژ بەخشە، بەرگێکی ئیستاتیکی لەبەر دەکات.دەلالەتی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت. کاریگەری لەسەر دەروونی وەرگر جێ دەهێڵێت، واتایەکی نوێیە شوێنی واقیعی دەبەخشێت پەیوەندی بە داهێنانی هونەرمەندەوە هەیە. کە ئەو شوێنە لە واتا فەرهەنگیەکەی ڕادەمالێت بە ئەندێشە، خەیاڵی هونەرمەند دەڕازێنێتەوە)). [محەمەد، ٢٠١١:٤٦]کەواتە شوێن بریتییە لە جێگاییەک هەڵگری واتابێت بۆ خودی شتێک.

لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە ئیبن چوزی دەڵێت: (( شوێن بریتییە لەو شوێنەی کە مرۆڤی لەسەر و تێیدا دەژی و دەمێنێتەوە)). [ڕەئوف ،٢٠١٢: ٣٤]واتە شوێن لە ڕوانگەیەی زمانەوانیەوە شتێکی جێگیرە وەک شوێنی دانیشتنی مرۆڤ، یان مانەوە و خەوتنی لەسەر زەوی.

لە ڕوانگەی ئەدەبییەوە حەبیب مونسی دەڵێت: (( شوێن لە ئەدەبدا لە درێژی، پانی سنورداری ناکات)). [مونسی،٢٠٠١: ٧] واتە شوێن لە دەقدا کار لەسەر پێوانەکانی ناکرێت، بەڵکو نوسەر وێلە بەدوای جوانییەکاندا، کاریگەری شوێن لە ناو دەقی ئەدەبیدا.

چەمکی شوێن چ لەکۆن و چ لە ئێستادا گرینگی خۆی لە دەست نەداوە، زۆرجار شوێن دەبێتە ناسنامەی نوسەر و لەوێشەوە دەبێتە ناسنامەی تێکست، ئەمەش بۆ ئەو پەیوەست بوونە ڕۆحیەتی مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ شوێنەکە، کە دواجار ڕەنگدانەوەی لەناو کاییەی ئەدەبیشدا دەبێت.هەندێک جار چیرۆک نووس شوێنیک بۆ چیرۆکەکەی دروست دەکات کە لە واقیع دا بوونی نیە، نابیندرێت بەڵام شوێنێکی ڕاستەقینە نیە ، بەڵکو شوێنێکە خەیاڵ و ئەندێشەی چیرۆک نووس دروستی کردووە لەناو بەرهەمەکەی خۆیدا.

## ٢ -١-٢ پێناسەی شوێن:

لە پێناسـەکردنی شـوێندا گەڵـێ بیروبۆچـوون بـۆ ئەم بـابەتە هەیە ، بـۆیە هەریەک  بە تێـڕوانین و شێوازی خۆی پێناسەی دەکات: ((شوێن ئەو ناوەندە ژینگەییە کە ڕووداوەکانی لە نێو ڕوودەدات، کەسـاییەتیەکان تێیـدا بە گـوێرەی ڕووداوەکـان دەجـولێنەوە. شـوێن بە یەکێـک لە گرینگتـرین ڕەگەزەکان دەژمێردرێت و چوارچێوەیەک بۆ ڕۆحـان دروسـت دەکات و ڕووداوە کەسـێتییەکانی نێو چیرۆک دەگرێتەخۆ)). [حمەد، ٢٠١٨: ٩ ]

واتە ئەو ناوەنـدە یـاخود ژیـنگەیە کە هەمـوو ڕەگەزەکـان دەگـرێتە خۆی.شـوێن وەک ڕەگەزێکـی ڕۆمان ( پانتاییەکی فراوانی دەق پێک دێنێت، گرینگی ڕەگەزەکانی تر دەردەخـات، ئەوەی پەیوەندی بە شوێنە بە ڕەگەزی کاتەوە، زۆرجار بە یەک زاراوە ناو دەهێنرێت پێیان دەڵێن شـوێنکات، شـوێن و کاتێکی دیاریکراو ڕووداوەکان سنورداردەکات، هەروەهـا کەسـێتیەکانیش هەر لەو شـوێن و کـاتە دیاریکراوە درێژە بە جوڵە و چالاکیەکانیان دەدەن، لە ڕێی ئەو شوێنەی کە تیایدا هاموشـۆ گـوزەر دەکەن ناسنامەیان ڕوون وئاشکرا دەبێت). [ قادر،٢٠٠٩: ٥٤]

بۆیە شـوێن بێ کـات بـوونی نیە کـاتیش بێ شـوێن بـوونی نیە، دەکرێ بوترێت شـوێن لە ڕۆمـان چیرۆکدا بێ ڕووداو بوونی نیە، هەروەک چۆن شوێن بێ کەسایەتیش بوونی نیە.

((  شـوێن توخمێکی گرینگە لەو توخمـانە کە تەکنیـک و شـێواز گەلێـک دروسـت دەکەن لە پانتـایی دەقدا جێگای خۆیان دەکەنەوە، لە هەمان کاتدا شوێن بەبێ ئەو توخمانە ( کات-ڕووداو-کەسایەتی) نـاتوانێ بـژی. ڕەگەزەکـانی کـات لە میـانەی گێڕانەوە دەسـت پێدەکات. ڕەگەزی شـوێن لە میـانەی وەسفکردن دەست پێدەکات)). [ئیسماعیل،٢٠٠٥: ٢١ ]

بۆیە لەمیـانەی ئەو پێناسـانەی کردمـان دەتـوانرێ بوترێـت شـوێن ئەو قەوارە مـاددییە کە بەشـێکی گرینگ، مێژووی تایبەتی هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی پێک دێنێت و پانتـایی  چیـرۆک و ڕۆمـانی پێ دەڕازێنرێتەوە، لە هەمان کاتدا ناسنامەی چیرۆک و ڕۆمانیشی پێ دەسارێتەوە.

### ٢-١-٣. گرینگی شوێن:

شـوێن لە دەقـی ئەدەبیـدا گرینگیەکـی زۆری هەیە، مانـایەک بە دەقەکە دەبەخشـێت و دەبێتە هـۆی ڕوونکردنەوەی ڕووداوەکان.

((شـوێن لە ڕۆمانیشـدا پـێگە و گرینگیەکـی زۆری هەیە نەک لەبەرئەوەی کە بەشـێک و بڕگەیەکـی گرنگی ڕۆمانە، لەبەر ئەوەش نـا کە ڕووداوەکانی تێدا ڕوودەدات بەڵکو لەبەرئەوەی هەنـدێک جـار شـوێن هەمـوو ڕەگەزەکـانی ڕۆمـان لە خۆیـدا کۆدەکـاتەوە وەکـو کەسـایەتی و کـات و ڕووداو)) . [زیاد،٢٠٠٥:٣٤]

واتە شوێن هۆکاری پێشکەوتنی بنەماکانی تری ڕۆمانە.

بۆیە شوێن بەشێکی گرینگ لە کاری ڕۆمان پێکدێنێت. شوێن ئەو توخمەیە کە هیچ شتێک بەبێ ئەو ڕوونادات.

(( پشـتگوێ خسـتنی شـوێن و فەرامۆشـکردنی لە ڕۆمانـدا، کەم و کـوڕی لە دەق دروسـتدەکات و کەلـێن دەخـاتە نێـو بینـای هـونەری ڕۆمـانەوە؛ هاوکـات ڕۆمـان گەر لە ئـامێزگرتنی شـوێن دوورکەوێتەوە لایەنە ڕیالیزمەکەی لەدەست دەدات)). [ محەمەد، ٢٠١١: ٤٥]

بەم پێـیەش شـوێن دەبێـتە تـوخمێکی کـاریگەر لە ڕۆمانـدا لە گەشـەکردن و بینـا لە سروشـتی کارەکتەرەکانـدا کـار لە بەکتـردەکەن و مێـژوو، ژیـانی کـارەکتەر و کردارەکـانی ئەوان ڕاسـتەوخۆ بەستراون بەو کات و سات و شوێنانەوە کە تێدا ژیاون.

شوێن لەدەقی ئەدەبیدا: ( پێگەیەکی ئەدەبی و داهێنان لەخۆدەگرێ، بە واتایەکی دی شوێن لە چوارچێوەی وشە و بیری شاعیردایە و وێنەی دەکێشرێت، بەمەش شوێن وەک ئەو پاشاییەی کە لە واقیعدا هەیە، لەناو دەقدا جێگەی دەبێتەوە، چونکە شوێن لە شیعردا دێتەدی بەمەش مەدلوولی لە خۆی هەیە). [ڕەئوف، ٢٠١٢: ٤٥]بەمەش شوێن پانتایەکی فراوان لەناو دەقدا داگیردەکات و گۆڕەپانی ڕووداوەکانە، بەم پێیەش شوێن دەبێتە سیمای ئێستاتیکای دەق.

### ٢- ١-٤ .ڕەهەندی کۆمەلایەتی:

یەکێ لەو ڕەهەندانەی کە بونیادی شوێن دەتوانێت لەنێو دەقی ئەدەبیدا دەلالەتی لێ بکات، ڕەهەندی کۆمەڵاتییە، ئەویش ئەو کاتەی کە چەند ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و ئەزموونی خود لە شوێندا کۆ دەبێتەوە.

شوێن لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتیەوە بریتییە لە گیانێکی کۆمەلایەتی، لە کورتەی کارلێک لە نێوان مرۆڤەکان و کۆمەڵگاکانیان پێکدێ)). [محەمەد، ٢٠٠٤: ١٠٣]

شوێن بەشتێکی هەڵگری ئاکار و بیر و هۆشیاری دانیشتوانەکەیەتی، بە شێوەیەکی گشتی قەرەبالغی مزگەوتەکان دەلالەتە لە دینداری خەڵکەکە و قەرەباڵغی پارکەکان و شوێنە گشتییەکان دەلالەتە لە کەسێکی ئارام و خۆشگوزەران.

واتە ئەدیب بارودۆخی کۆمەڵگا و کار و کاردانەوەی کۆمەڵایەتیەکان لە ڕێگەی شوێنەوە وێنا دەکات.

لەڕوانگەی ڕەهەندی کۆمەڵایەتیەوە: (پەیوەندیەکی بەتین هەیە لە نێوان ئەدەب و کۆمەڵگادا لەبەر ئەوەی ئەدەب دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە یان دەزگایەکی کۆمەڵایەتیە، ئامرازەکەی زمانە، و کۆمەڵگا دروستی دەکات). [رەئوف، ٢٠١٢: ٢٨٦] ، بۆیە هەرگیز ناتوانرێ لە زانستە مرۆڤایەتیەکان بە تایبەتی لە ئەدەبیدا باسی چەمکی شوێن لە چەمکی کۆمەڵایەتیەکان جیابکرێتەوە.

## ٢-١-٥ .ڕەهەندی دەروونی:

لێرەدا ئاماژە بەڕەهەندی دەروونی شوێن لەنێو دەقی ئەدەبیدا دەکەین ((یەکێک لەو ڕەهەندانە کە شوێن لە دەق هەندێ جار هەلگریەتی. ڕەهەند دەروو نییە ئەدیب لە ڕێگای ئەدەبەوە باس لە شوێن دەکات، بۆ ئەوەی گوزارشت لە ڕاستی هەست و سۆزی خودی خۆی بکاتپەنا بۆ شوێن دەبات کارلێک دروست دەبێ لە نێوانیاندا. شوێن سەرەڕای ئەرکە سروشتییەکەی کە لەخۆگرتنی شتەکانە، یان ڕووداوەکانی تیادا ڕوودەدەن. هەندێک جار ڕەهەندی دەروونیش دەبەخشێت ئەویش ئەوکاتەی کە گوزارشت لە دەروونی ئەدیب دەکات. شوێن دەک ئەوەی لێدێت کە خەزێنەیەکی ڕاستەقینەی بیر و هەست و سۆز بۆچوونەکانی بێت، بەشێوەیەک کە پەیوەندییەکی گۆڕینەوە لە نێوان ئادەمیزاد و شوێندا دروست دەبێت بەشێوەیەک هەریەکە یان کار دەکەنە سەر ئەوی تیان)). [محەمەد، ٢٠٠٤: ٨٣]

یۆنگ بەم شێوەیە پێناسەی ڕەهەندی دەروونی دەکات و دەڵێت: (( ڕەهەندی دەروونی سەرچاوەی داهێنانە ،چونکە پاشماوەی هەموو یادەوەریەکانی تێدایە کە مرۆڤ لە نەوەکانی پێش خۆی بۆ ماوەتەوە)) [رەئوف، ٢٠١٢ :٣٤]بۆیە ڕەهەندی دەروونی ئەو ڕەهەندەیە کە پەیوەندی کارلێکی لە نێوان مرۆڤ و شوێن دروستدەکات، بە شێوازێک شوێنەکە باکگراوەندێکی دەروونی بۆ خودی کەسەکە دەخاتە ڕوو.

ڕەهەندی دەروونی زۆرترین ڕەهەند و بەربڵاوترینە لە هونەرەکان. ئەم ڕەهەندە هەڵدەستێ بە دیاریکردنی هەستەکانی کەسایەتیەکان وەک ( قەبوڵ کردن- ناڕازیبوون- خۆشەویستی ... هتد)

هەر شوێنێک ڕەهەندی دەروونی خۆی هەیە، جا ئەو ڕەهەندە شوێنی خوازراوبێت یان نەخوازراو. واتە پەیوەندیەکی پتەو هەیە لە نێوان ڕۆمان و دەروونناسی. لێکۆلینەوە لە شوێن پشت بە دەروونناسی دەبەستێت بەتایبەتی دوای ئەوەی ڕۆمان گەشە و پەرەسەندنێکی زۆری بەخۆیەوە بینی. [احمد، ٢٠١٥ : ١٦]

## ٢-١-٦ .ڕەهەندی مێژوویی:

یەکێ لەو ڕەهەندانەی کە دەکرێ شوێن هەڵگری بێت ڕەهەندی مێژووییە. (( شوێن بە هۆکاری جیاوازەوە لە هەگبەی مێژوودا جێگای بۆتەوە بۆتە هەڵگری مێژووی وڵات و نەتەوە. ڕووداو و پێشهاتەکان بەرهەندێ سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینەکانەوە کە لە شوێنێکدا ڕوودەدەن، کە وادەکەن شوێن پاشخانێکی مێژوویی بۆ دروست ببێت. هەندێک جار بەهۆی کارەساتی سروشتییەوە یان بەهۆی ململانێ و جەنگەوە یان بە هۆکاری پێشکەوتن و بنیاد- نانەوەی ناودەنگ پەیدا دەکات و سیفەتی مێژوویی وەردەگرێ)).[محەمەد، ٢٠٠٤: ١٢٥]

واتە شوێن کۆگایەکی مێژووی مرۆڤایەتی لەخۆ عەمبار دەکات ، بەڵام لەهەمان کاتدا شوێن هەیە نەیتانیوە مێژوویەک بۆ خۆی دروست بکات، وێران بووە و لەناو چووە کەس ئاوڕی لێنەداوەتەوە

ڕەهەندی مێژووی دەلالەتی شوێن کاتی مێژووی لاناو دەقدا دەخاتەڕوو (( ئەم ڕەهەندە کار لەسەر ئاشکراکردنی ئەو ڕەهەندە مێژووییە دەکات کە لەناو دەقدا هەن لەگەڵ لێکۆلینەوە لەو ڕووداوە مێژووییە و دڵنیابوون لە ڕاستی و خستنە ڕووی ئەو چەمکە واتاییەی کە لە خۆی گرتووە)) [رەئوف، ٢٠١٢: ٩٨] ، واتە ڕەهەندی مێژووی لەناو بازنەی کاتی مێژووییدا کار دەکات، چونکە مێژوویی شتێکی سەرەکی و بنچینەیی پەیوەستە بە کاتەوە و جیا ناکرێتەوە لە کات ناودەبرێ بە (شوێن کات).

پەیوەندیەکی تێهەلکێش لەنێوان شوێن و مێژوودا هەیە کە دەورێکی سەرەکی هەیە لە جوڵاندنی ڕووداوەکان، دەقێکی چەسپێنەرە بۆ مێژووی ڕووداوەکان ڕەنگ دانەوەکات تەنیا پەیوەست نیە بەمێژوو بەڵکو پەیوەستە بە هەموو باروذۆخە جیاوازەکانەوە وەک ( کۆمەڵایەتی-ئابوری- سیاسی...هتد).بەرەوپێش چوون و گەشەسەندنی ڕەهەندی مێژووی بووە هۆی چەندین شوێنی جیاواز و جۆراوجۆر بوونی هەبێت لە نێو چیرۆکەکان، هەریەک لەم شوێنانەش خاوەن ڕەهەندی دەروونی تایبەت بە خۆیانبن. [احمد، ٢٠١٥: ٧]

## ٢-١-٧ .ڕەهەندی نەتەوەیی:

وروژان و بەرجەستەکردنی بابەتی نەتەوەیی و نیشتیمانی لەنێو دەقی ئەدەبیدا کارلێکی یاوە، (( بە تایبەتی لای ئەو نوسەرانەی کە نەتەوەکانیان ڕووبەڕووی قڕکردن ، پاکتاوی نەژادی، دەست درێژی بۆتەوە لە لایەن نەتەوەیەکی ترەوە. هەر لەگەڵ دەست پێکردنی ئالۆزی و ناکۆکیەکان، هەرکە هەست بە مەترسی دەستدرێژی دوژمن دەکرێ بە دەیەها دەقی نۆ کە هەڵگری ئەم ڕەهەندەن بۆ سەر خەرمانی ئەدەبیات زیاد دەبێت)). [محەمەد،٢٠٠٤: ١١٠]

یەکێ لەو ڕەگەزانەی کەوا دەتوانێ ڕەهەندی نەتەوەیی وەربگرێ شوێنە، ئەویش ئەو کاتەی کە لەنێو هەستە نەتەوەییەکانی نوسەردا چەکەرەی کردبێ شوێنێک نیە ژیان و خۆشیەکانی سەردەمی منداڵی بیرنەخاتەوە. شوێنێک نیە کەوا بۆ مەبەستە ئابورییەکان یان شوێنە گەشتیارییەکان لە نێو دەق ئامادەگی هەبێ بەڵکو لەگەڵ ناوبردنیدا، لەگەڵ بیستنیدا هەستە نەتەوایەتیەکانیان دەجولێنی، هەستی بەرگری و خۆبەختکردن لە پێناو نەتەوە لەلا دروست دەکات.

مەبەست لەو دەقانەی کە ڕەهەندی نەتەوەیی لەخۆدەگرن (( لەناویاندا سیمایەکی نەتەوەیی هەیە کە پەیوەستە بە نەتەوەوە، نەک لە لایەن و کەسێکەوە لەناو ئەو ڕەهەندە نەتەوەیانەشدا ڕەمزی نەتەوەیی لەنێوان کەسایەتییە نەتەوەیی و شوێنە نەتەوەیی و ڕووداوە نەتەواتییەکاندا دێن و دەچن)). [رەئوف،٢٠١٢: ٢١٤]

ڕەهەندی نەتەوەیی خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی و لەگەڵ ڕەگەزەکانی تری ڕۆمان یەک دەگرن و داهێنانێک دەهێنێتەوە کایەوە.

## ٢-٢ .تەوەرەی دووەم

### ٢-٢-١ . پەیوەندی شوێن بە ڕەگەزەکانی تر

### ٢-٢-١-١. پەیوەندی شوێن بە کاتەوە (شوێنکات):

سەرەڕای ئەوەی هەریەکەو تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام ئەوەندە پەیوەندیان پێکەوە هەیە کە ناکرێ لە یەکتریان جیابکەینەوە، لەبەر ئەوەی شوێن پێوەرە بۆ جولەی تەمەن.

((زۆر جار شوێن دەبێتە شانۆی ڕووداوەکان، هەروەها وەسفی شوێن بەهایەکی ئیستاتیکی بە ڕۆمان دەبەخشێ و ڕۆلی دەبێت لە پێشکەش کردنی وێنەکانی ژیانی کارەکتەرەکان. لە پاڵ شوێندا (کات) یەکێکی ترە لە توخمەکانی بنیاتی ڕۆمان ئەرکێکی ئیستاتیکی دەگێڕێ. بنیاتی گێڕانەوە لە ڕۆماندا پشت بە چەند توخمێک دەبەستێ، دوو لەو توخمانە (کات و شوێن)نن، ئەمانە دەبنە پردی بەستنەوەی ڕووداو و کارەکتەرەکان. لەبەر ئەوە گوتاری گێڕانەوە لەبەر ئەو توخمە ناتوانێ بگاتە ئەو شێوازەی کە دەبێت لە دەقی ڕۆماندا کاری بۆ بکرێت))[ئەلوەندی،٢٠١٧: ١٢٢]

شوێن لە ژیانی مرۆڤدا ڕۆلێکی سەرەکی گێراوە، ئەمەش وای کردووە لە نێو رۆماندا بایەخێکی زۆری پێ بدرێت. (شوێن بەشێکی گرنگ لە کاری ڕۆمان پێکدەهێنێت. شوێن ئەو توخمەیە کە هیچ شتێک بێ ئەو ڕوونادات پشتگوێ خستنی شوێن و فەرامۆش کردنی لە ڕوماندا کەموکۆڕی لە دەقدا دروست دەکات، کەلێن دەخاتە نیو بنیاتی هونەری زمان). [محەمەد،٢٠١١: ٣٩٠]

ڕووداوەکانی ناو ڕۆمان پەیوەندیان بە مێژووی ژیانی مرۆڤەوە هەیە، هەست و سۆز، دابونەریت، ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگا بە پێی زەمەنەکە ڕوون دەکاتەوە. (کات و شوین دوو توخمی گرینگی جیهانی ڕۆمانن، لە کاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا دێنە نێو ئەم جیهانەوە. لە ڕێی کاتەوە مێژووی ڕووداوەکان دەردەکەوێ، وە لەڕێی شوێن و شانۆی ئەم ڕووداوانە دەردەکەوێ و دەستنیشانی دەکرێ. کەواتە ڕەگەزی کات لە میانەی گێڕانەوە دەست پێ دەکات، ڕەگەزی شوێن لە میانەی وەسف کردنەوە دەست پێدەکات). [اسماعیل،٢٠٠٩: ١٩]

وەسفکردنیش پێویستیەکی سەرەکی گێڕانەوە. زۆر زەحمەتە بێ وەسف بتوانین بگێڕینەوە، بەڵام کارێکی ئاسانە وەسف بکەین بێ گێڕانەوە. هەر لەبەر ئەوەش هونەری گێڕانەوە ناتوانی دەست بەرداری وەسف بێت، چونکە دەتوانین لە ڕێگەی وەسفی شوێنەوە سەردەم و زەمەنی ڕووداوەکان بناسرێتەوە.

### ٢-٢-١-٢ . پەیوەندی شوێن بە کەسایەتییەوە(کارەکتەر)

یەکێ لە توخمە سەرەکیەکانی ڕۆمان کارەکتەرە (کەسایەتی) کە تەواوی دەقەکە بۆ باسی ژیان و بەسەهاتەکانی ئەو دەنوسرێ، لەبەر ئەوە دەیبینین. (( ئەو توخمە پەیوەندی بە سەجەم توخمەکانی تری ڕۆمان هەیە. ناکرێ ڕۆمانێک بنوسرێت بێ ئەوەی چەند کارەکتەرێکی سەرەکی و چەند کارەکتەرێکی لاوەکی تێدا نەبێ. مەرجیش نییە کارەکتەر هەر تانها مرۆڤ بێت. نوسەری وا هەیە بایەخ بە کەسایەتی زیندەوەرێک دەدات وەک (سەگ- پشیلە- کە- کۆتر...هتد) یان بایەخ بە ڕووەک و درەخت و شتی بێ گیان، یان گیانەوەری میتالۆژی کە بۆ مەبەستی دیاریکراو قەویفات بکات)). [معین، ٢٠٠٩: ٣٧]

مرۆڤ بەردەوام لە یادگارییەکانیدا دەژی، لەبەر ئەوە بیرکەوتنەوەی ئەو یادگارییانە دەبنە هۆی ئەوەی شوێنەکانیشی بیربکەوێتەوە. لەبەر ئەوە شوێن ڕۆلێکی گرینگ دەبینێ لە ژیانی مرۆڤدا، ئەمەش وا دەکات ئەو لە نوسینەکاندا بایەخێکی زۆر بدرێت بە شوێن و یادگارییەکان. ( ئەگەر شوێن ئەو گۆڕەپانە بێت کە ڕووداوەکان تێدا ڕوودەدەن و جێگەی ململانێی کارەکتەرەکان بێت، ئەوا دەرکەوتنی کارەکتەرەکان و پەرەسەندنی ڕووداوەکایش یارمەتی بنیاتی شوێن دەدەن). [نەجمەدین، ٢٠١٣: ١٠٢]

شوێن هەر ئەوەنیە کە ڕووداوەکانی تێدا ڕوودەدەن، بەڵکو پەیوەندی بە هەلسوکەوت و خورەوشتی مرۆڤ و بیر و بۆچوون و ژیانی ڕۆحی و خەون و خەیاڵ دەکات، لێرەدا هەست بە گرینگی تەواوی شوێن دەکەین لەناو بەرهەمە ئەدەبییەکاندا. (شوێن پەیوەندی بە هەمووو چالاکی و کردەوەکانی کارەکتەر و کەسایەتی ناو چیرۆک هەیە. توانای هونەری ڕۆمان پەیوەندییەکی بەهێزی بە چۆنیەتی بنیاتنانی کارەکتەرەوە هەیە و شوێن هێلێکی بنچینەیی دەنوێنێ لە پێکهێنانی کارەکتەرەکاندا، کارێکی گرینگ دەکاتە سەر هەڵسوکەوتی کارەکتەر و بەشێوەیەکی توند دەبەسترێتەوە بە باری دەروونی ئەوەوە.بەهای شوێن لەوەدا خۆی دەنوێنێ کە کارەکتەری تێدابێت، و تیایدا ژیابێت). [ئەسعەد،٢٠٠٦ :١٤٢]

کەواتە  هەندێ جار لە ڕێگای کارەکتەرەوە شوێن دەناسرێتەوە نەک بەهۆی ناوەوە یان ئەرکەوە یان پیشەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ڕۆلی شوێن کەمتر نیە لە ڕۆلی کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمان، هەریەکەیان کار لە ئەوەی تریان دەکات.

### ٢-٢-١-٣ . پەیوەندی شوێن بە ڕووداوەوە:

یەکێ لە توخمە سەرەکییەکانی ڕۆمان (ڕووداو)ە، ((شوێن ئەو ژینگەیە ڕووداوەکانی ڕۆمانی تێدا ڕوودەدەن و پەرەدەسەنن)). [محەمەد، ٢٠٠٩: ٤٥] ململانێی کەسێتیەکانی ناو دەقی ڕۆمان لە سیاقی ڕووداوەکاندا، چ لەسەر ئاستی خودێتی خۆیان بێت یان لەگەڵ کەسانی دەوروبەریاندا بیت، ئەوا بێگومان ئەو ململانێیانە لە شوێنێکدا ڕوودەدەن، بۆیە ناکرێت شوێن بە یەکجاری لە ڕەگەزە هونەرییەکانی دیکە داببڕێت، وەک چۆن ئەوانی تریش ناتوانن بەبێ بنیاتی هونەرییەوە دەقەکە تەواو بکەن.

ڕووداو هەروەک ڕەگەزەکانی تری ڕۆمان پەیوەندی بە شوێنەوە هەیە. ((پەیوەندی ڕەگەزی شوێن بە ڕووداوە. جیا لە کەسێتی تایبەتمەندی خۆی هەیە بەژداری ڕاستەوخۆ لە خولقاندنی ڕووداودا ناکات، بەڵام دەشێت ببێتە یەکەیەک کە کاریگەری لەسەر سروشتی ڕووداوەکان هەبێت و شانۆیەک بێت بۆ ڕوودانی ڕووداوەکان. وە ببێتە یەکێک لە کەسێتییە سەرەکیەکان و گوزارشت لە باری دەروونی و کۆمەڵایەتی کەسێتییەکان بکات بەهۆی ئەو تایبەت مەندییانەی کە هەیەتی)). [خەبات، ٢٠١١: ٥١] واتا شوێن بەژداری نا ڕاستەوخۆی هەیە لە چۆنیەتی ئاراستەکردنی ڕووداوەکاندا، بەڵام هەرگیز بێ کاریگەری نییە لە ئاراستەکردنی ڕەوتی ڕووداوەکان.

شوێن ئەو پاڵنەرە هەمیشەییە کەوا لە کەسێتییەکان دەکات لە کاتە جیاوازەکاندا، هەلوێست و ڕەفتاری جیاوازیان هەبێت، چونکە شوێن بە گۆڕانی کات گۆڕانی بەسەردا دێت وە پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە، بۆیە ناکرێ شوێن لە ڕەگەزە هونەرییەکانی تری ڕۆمان جیابکرێتەوە.

## بەشی سێیەم

## پراکتیزەکردنی جۆرەکانی شوێن لە ڕۆمانی (زێبرا)دا.

### ١ - شوێنی واقیعی:

مەبەست لە شوێنی واقیعی واتا( ئەو شوێنەی کەوا لە واقیعی ژیاندا بوونی هەبێ و بوونێکی بەرجەستەی هەبێ ڕۆماننووس تێیدا ژیابێ و یان بینینی یاخود زانیاری تەواوی لەسەر شوێنەکە هەبێ) [محمد ،٢٠١١ : ٧٩]واتە کاتێک باسی دەکات خوێنەر بتوانێ درکی پێبکات، پانتایەکی جوگرافی هەبێ: لە ڕۆمانی (زێبرا) چەندان شوێنی واقیعیمان دەکەوێتە بەرچاو، نووسەر باسیان دەکات کەوا چۆن تێیدا ژیاوە یان پێیدا ڕۆیشتووە.

مزگەوتەکە بەناو ئاودەست و دارەبازەکە و تابووتەکان دەگەڕێن دەڵێ (دووکەس لە دەرگا بچووکەکەی لای چەپەوە، دێنە ژووری، مزگەوتەکە چۆلە و دنیا تەواو تاریکە و بەناو ئاودەست و دارەبازە و تابووتەکاندا دەگەڕێن) [غەریب ،٢٠١٤: ٢٧]

مزگەوت شوێنێکی واقیعیە و شوێنی نوێژ و کۆبونەوە و خواپەرستی موسڵمانانە، لە هەموو مزگەوتەکانیش ئاودەست و دارەبازە هەیە واقیعیەتی شوێنەکە بۆ خوێنەر روونە.

کاتێک دەخوێنینەوە و درک بە شوێنەکە دەکەین لە مێشکماندا وێنای دەکەین بۆ نمونە لە شوێنێکدا کە باسی بینینەوەی هاوڕێیەکی سەردەمی زانکۆیەتی کە داوای لێدەکات بچنە ئەو هوتێلە کە هاوڕێکەی تێیدا دەژی و باسی ئەو شوێنە دەکات کە هوتێلەکەی لێیەوە دەڵێ (لە کۆلانەکەی ئەو دیو لە هوتێلێکی پێنج هەزار تەرسە قولی دەژیم، هەستامە سەرپێ، ئەویش پێشم کەوت لەسەرووی دەلاڵخانە کۆنەکەوە خانوویەکی کۆنی دوو نهۆمی کرابوو بە ئوتێلی گۆمڕاکانی شار) [غەریب ،٢٠١٤ : ٥٢].

لێرەدا باسی شوێنێکمان بۆ دەکات لەناو شاردا باسی کۆڵانەکە و شوێنی جوگرافیای هوتێلەکە کە کەوتۆتە سەرەرەوەی دەلاڵخانە، ئەمەش شوێنێکی واقیعیە زۆربەی شارەکان دەلالخانەیان لێیە. لە شوێنێکی تردا کە باسی مزگەوتێکی بچوک دەکات کە رووەکەی لە دەرگای لای چەپی مزگەوتەکە کە دەرگایەکی بچوکە دێتە ناو.

## ٢ – شوێنی خەیاڵی:

مەبەستی لە شوێنی خەیاڵی (ئەو شوێنەیە کە رۆماننووس بە خەیاڵی خۆی بنیاتی دەنێ و ئاشکرایە بۆ ماوەیەکی زۆر رۆمان شێوەیەک بووە لە شێوەکانی واقیع، ئەرکی سەرەکی رۆمانیش ئافراندنی وێنەیەکی خەیاڵیە بۆ واقیع، یان ژیانی رۆژانە،ئەم وێناکردنەش هەوڵێک بوو بۆ پیشاندانی ژیانی مرۆڤ، هەموو کارێکی ئەدەبی بەتایبەتی رۆمان بەرهەمی ئافراندنی خەیاڵە، بەڵام شێواز و جۆری ئافراندنەکە لە رۆمانووسێکەوە بۆ رۆمانووسێکی تر دەگۆڕێ ئەو شوێنانەی کە رۆماننووس باسیان دەکات بەخەیاڵی خۆی دایاندەڕێژێتەوە). [محمد ،٢٠١١ : ١٠٣]

رۆمانووس لە رۆمانی (زێبرا)دا چەندان شوێن بە خەیاڵی خۆی بنیات دەنێ و دەیانکاتە شانۆی رووداوەکان بۆ نموونە بۆ دەکێشی باسی دەرگاکەی و شتەکانی ناویمان ب ۆدەکات و ناوی دەنێ ماڵی عەشق (دەرگا دوو دەریە تەختەکە دەکەمەوە، بۆ دەرەوە هەنگاو دەنێم، لەوێ سەرسم دەدەم و لە کۆلان دەکەوم، دەرگا پێوەنادرێتەوە، ئیدی دەرگای ماڵی عەشق لەسەر پشتە، هەڵدەستمەوە هالاوی بۆگەن لەماڵی عەشق دەوام دەکەوێ، توندنتر لە بۆنی کتێبەکانم قورستر لە ترس وو زیلی وشەکان، مەترسیدارتر لە هەموو مەیتە رزیوی شەقامەکانی جیهاد و لاپەڕە کۆنەکان، بۆگەنی ماڵی عەشق هەموو شوێنێکی داپۆشیوە.." [غەریب،٢٠١٤: ٧٢]

رۆماننووس هەمیشە پەنا بۆ خەیاڵ دەبات، بۆ ئەوەی ئەو واقیعەی هەیە لەوێدا دەسکاری بکات، چونکە لە بنەڕەتدا ئەو واقیعە لەسەر زەوی ناتوانرێ دەسکاری بکرێ. بۆیەش رۆماننووس دەیەوێ لە رێی نووسینەوە هەرچی چەپاندن هەیە بەتاڵی بکاتەوە و واقیعێکی جوانتر لەوەی هەیە دروست بکات.

لە شوێنێکدا باسی عاشقەکان دەکا کەوا چۆن بەخەیاڵ سواری بەلەم دەبن و سەوڵ لێدەدەن دەڵێ (جا ئەو گەنجە عاشقە نەدی و بدیانە هەر بە خەیاڵ سواری بەلەمی دروو سەوڵ دەبن بەناو رووبارێکی هەر کەفاودا تێدەپەڕن.. [غەریب،٢٠١٤: ١٨]. لێرەدا رۆماننوس بە خەیاڵی خۆی شوێنێکی بنایت ناوە کە رووبارێکی کەفاویە عاشقەکان بە بەلەم پێیدا دەڕۆن، لەرۆماندا هیچ کەس هەوڵنادا بەشێوەیەکی فۆتۆگرافی وێنەی رووداوەکان بکات، واتا لێرەدا رۆمان رەنگدانەوەی کتومتی واقیع نییە، بەڵکو هەوڵێکە بۆ ئەوەی وێنای واقیع بکات. هەروەک لەم نموونەیە دیارە کە لەواقیعدا، رووبار هەیە بەڵام رۆماننووس بەخەیاڵ خۆی رووبارێکی کەفاوی خولقاندووە.

رۆماننووس لە دیمەنێکی تردا وێنەی خانوویەکمان نیشان دەدا.

## ٣ - شوێنی کراوە:

مەبەست لە شوێنی کراوە (ئەو شوێنەیە کە لەبەردەم کەسەکان کراوەیە، دەتوانن بە ئارەزووی خۆیان تێیدا بێن و بچن وەکو شەقام و کۆڵان و بازاڕ و نەخۆشخانە و چایخانە و گەرما و مەیخانە و چەندانی تر). [محمد، ٢٠١١ : ١٤٥ ] واتە شوێنێکی گشتییە کەسەکان بە ئارەزووی خۆیان دەتوانن بچن و بێن لەناویدا بێ ئەوەی ناچار بکرێن، شوێنی کراوەش پەیوەندی بەناخی مرۆڤیشەوە هەیە، شوێنی جوان هەیە کە مرۆڤ دڵ و دەروونی پێ دەکرێتەوە. وەک شوێنێک کە جوانییەکانی سروشتی (کانی، چیا، رەز و مێرگ و مێگەل...) کە دەرونی مرۆڤ دەکەنەوە.

لە دەقی (زێبرا) ئەگەر سەیر بکەین نووسەر ئاماژە بە چەند شوێنێکی کراوە دەکات بۆ نموونە لە باسی شوێنی کراوەدا باسی بازاڕ د ەکات و دەڵێ (جا ئەانەی لە وڵاتی بیانیە وێرانەوە دێنەوە، هەرچی عەقڵ و هۆش بێت لە کەلەیان دانامێنێت، کە بەو هەینیە و بەو نیوەڕۆیە گەرەمە دەیان بەنە بازاڕ و شەقام و بازاڕ چۆل و هۆلە، هەموو دوکانەکان داخراون، هەینییەکی دیکە دیسان گرشەی بازاڕ دەگرنەوە. [غەریب،٢٠١٤: ٣١]

لێرەدا بازاڕ شوێنێکی کراوەیە نووسەر باسی دەکات کە چۆن ئەوانەی لە دەرەوەی وڵات دێنەوە حەز و خولیای گەڕانیان هەیە و حەزی چوونیان بۆ شوێنی قەرەباڵغ هەیە. لە شوێنێکی تردا نووسەر باس دەکات کە چۆن پالەوانەکەی لە شەقامێک لەسەر کورسییەکی چایەخانە دانیشتوە لەگەڵ چەند هاوڕێیکەوە  چەند کەسێکی خانەنشین چا دەخواتەوە، دڵ و دەروونی بەشوێنەکە کراوەتەوە (ئەوە چ خواردنێکی بەلەزەتە تاکو ئێستاش وام نەخواردووە لەسەر رەقی شەقامەکە لەگەڵ هاوڕێ گەنجەکانی و چەند مامۆستایەکی خانەنشین لەسەر کورسییەکی خواروخێچی چاخانەیەکی سەفەرەی دادەنیشێ چای خەست خەست و شیرین دەخۆنەوە. [غەریب،٢٠١٤: ١١٩]

رۆماننووس لە رێی هەڵسوکەوتی پالەوانەکەوە بۆمان روون دەکاتەوە کەوا یادگاری تاڵ و شیرینی لەنێو شەقام وپارک و چایخانەکاندا هەیە و دەڵێ بۆ پیاسەیەکی ئێواران و خواردنەوەی چایەیەک لە چایخانەیەک لێیدەدا، شوێن پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بەچەمکی ئازادیەوە هەیە ئازادیش لەسادەترین شێوەیدا، بریتییە لە (ئازادی) جوڵە کە رۆماننووس مومارەسەی دەکا لە شوێنە کراوەکەدا.

## ٤ - شوێنی داخراو:

شوێنی داخراو (ئەو شوێنەیە کە لەبەردەم کەسەکان داخراوە.((سنوور و رووبەرێکی جوگرافی دیاریکراوی هەیە، هەمووکەس ناتوانێ بەسەربەستی تێیدا هەڵسوکەوت بکات )) [سەراج ، ٢٠٠٩ : ١١٤ ] مەبەست لە شوێنی داخراویش شارە یان کۆمەڵگایەکی زۆرە ملی یان ژوورێک یا هۆڵێک...تاد. بۆ نموونە کاتێک پاڵەوانی چیرۆکەکە دەڵێ (لەو دیوی پەنجەرەکە هاوارم کرد، کەس گوێم لێ ناگرێت.. [غەریب،٢٠١٤: ٧٩]

ئەو دیوی پەنجەرەکە شوێنێکی داخراوە پاڵەوانەکەی تێدا گیرۆدە بووە، هاوار دەکات بەڵام کەس بەهانایەوە ناچێ و کەس گوێی لێناگرێ.

لە دیمەنێکی تردا رۆماننووس ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کەوا فراوانی و تەنگەبەری شوێن بۆ پانتایی و رووبەری شوێن ناگەڕێتەوە، بەڵکو ئەوە دەروون و هەست و میزاجی مرۆڤەکانە کە فراوانی و ئەو شتانەی کەوا بە مایەی دڵخۆشی دادەنرێن و هەموویان بەێ دەهێڵێ، چونکە هەست بە ئارامی ناکات "لەو ئوتێلە سەت ئەستێرە و بێ رووناکییە هاتمە دەرێ، چەندان نهۆمی تاریک و بەتاڵ و دۆڵشکاو لەسەریەک کەلەکە بوون، غەمبارتر لە خانووە پەرو پوستەکانی خەمبابایا. سەریان بە کۆشی یەکتردا شۆڕکردبۆوە، هەموو شتێکم جێ هێشت ... [غەریب،٢٠١٤: ١١٧]

وەک دەبینین پالەوانەکە بێارە لەم شوێنە و خواخوایەتی لێی دەرچێ، مرۆڤ هەست بە جۆرە دوژمنایەتییەک دەکات لە شوێنە زۆرە ملێیەکان و هەموو هەوڵی خۆی دەدا لێی قوتار بێ.

فراوانی و داخرانی دیاری دەکەن، کاتێ دەڵێ (ئەم ئوتێلە دەکەینە میوانخانەی شەت ئەستێرە، بەرز و شووشەبەند و روناک، پڕی دەکەین لە ژنی خراپ و کچی پاڵتۆلەپێ و قون دەرپەڕیو، من خەریکە دەخنکێم، سینگم بچوک بچوک بۆتەوە). بیکەنە هەزار ئەستێرە، من ئازاد بکەن، دەفتەرەکەم بدەنەوە با بابڕۆم. [غەریب،٢٠١٤: ١٠٤]

لێرەدا بۆمان روون دەبێتەوە کەوا فراوانی و بەناوبانگی شوێن نابێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ هەست بە ئاسوودەیی و ئارامی بکات، دڵتەنگبوون و هەستکردن بە بێزاری پەیوەندی بە میزاجی رۆماننووسەوە هەیە، دیوارەکان هەرچەندە شووشە و گران بەهابن، بۆنەتە پێ

## ٥ - شوێنی هۆگری:

مەبەست لە شوێنی هۆگر (( هەموو ئەو شوێنانەن کە تێیدا ژیاوین و هەستمان بە پاراستن و گەرمی کردووەبەشێوەیەک ئەم شوێنە بووەتە مادەی یادەوەرییەکانمان)) [سەراج ، ٢٠٠٩ : ١٠٣ ] . جا مەرج نییە ئەو شوێنە هەر تەنها ماڵ بێ، دەشێ ژوورێک یان شەقامێک یان باخچەیەک یان شارێک بێ بۆ نموونەلە دیمەنێکی رۆمانی (زێبرا)دا پالەوانەکان هۆگری کتێبخانەکەی و کتێبەکانی بووە (هەرچۆن بێت دڵم کەوتۆتە پەلەپەلی خۆشی، هەرکە ماڵەکە بێدەنگ بوو، بەفرین دەفرمە ناو کتێبەکەم) [غەریب ، ٢٠١٤ : ٨]

مرۆڤ هێندە هۆگری هەندێک شوێن دەبێت، بەشێوەیەک ئەو شوێنە دەبێتە بەشێک لە ژیانی دایم لەبیرو خەیاڵی دایە.

ماڵ نەخوازەلا ماڵی منداڵی بەتینترین شوێنی هۆگرە، چونکە خۆشترین و بێچەوساوەترین کاتی ژیانی و هەست بە لێپرسینەوە نەکردن و باوەشی پڕ لە سۆزی دایک و باوک و یاری کۆڵان و پەیوەندی باردەر و گەلێ شتی تری تێدا تۆمار کراوە، لە دیمەنێکی تری رۆمانی (زێبرا)دا باسی پالەوانەکەی دەکات و دەیەوێ بیباتەوە ماڵەکەی خۆی و نێو باوەشی خانەوادەکەی (دەبێ پاڵەوانەکەم وەکو بنیادەم بژین، وەک خۆی بژین، بیبەمەوە ناو ماڵەکەی خۆی بەیانیان دایکی لەخەوی هەستێنێ و لەسەر سفرە پارووی ماستی بچوک بچوک بە دەمی منداڵە بچووکەکەیانەوە بکات، بەوپەڕی خولقەوە قەیتانی پێڵاوە سپییەکەی کچە حەوت ساڵانەکەی ببەستێ ) "لا ١١٨" شوێنی سەردەمی منداڵی بووەتە بەشێک لە ژیانی رۆماننووس، ئەم هۆگریەش بەهۆی ئەوەیە مرۆڤ لە سەردەمی منداڵی داڵغەی نییە هەرکە چاوی خستە سەریەک خەوێکی قول چاوەکانی پڕ دەکات. بۆیە هەمیشە ماڵ و کوچە و کۆڵانەکانی سەردەمی منداڵی لە زەینی مرۆڤدا بە زیندوویی دەمێنێتەوە. مرۆڤ هێندە هۆگری شوێنی رەسەن دەبێت، ئامادەیە لەپێناو بەدەستهێنان و پاراستنی ئەو شوێنە یان لەدەستنەدانی هەموو قوربانییەک بدات، ئیدی ئەو شوێنە پانتایی ئایدەلۆژیای داگیر دەکات و بەلەدەستدانی تووشی نامۆیی دەبێ، نامۆییەک نە رۆشنبیری نە سیاسی نە کۆمەڵایەتییە، بەڵکو بە پلەی یەکەم نامۆیی شوێنە. لە رۆمانی (زێبرا)ش دا شوێنێکی وەها هەیە کە کتێبخانەکەی پالەوانەکە کەوا هەم هەموو بیروخەیاڵی پەڵەوانەکە هەر لەلای کتێبخانەیەتی "ئێوە تەنها ئاگاتان لە کتێبخانەکەم بێت، کارە گرانەکان، من دەیانکەم) [ غەریب ، ٢٠١٤ : ٤٥]

هۆگرە شوێن بەتوندی کار لە دەروون و هەڵسوکەوتی مرۆڤ و کاردانەوە و چالاکی سایکلۆژی و سۆسیولۆژی و تەنانەت بایەلۆجی و فیزیەلۆجی و بیروبۆچوون و ژیانی رۆحی و هەڵوێستی رۆژانە و خەون و خەیاڵیش دەکات.

## ٦- شوێنی ناهۆگری:

شوێنی ناهۆگری ئەو شوێنانەیە کە هەست بە نا ئارامی و نامۆیی دەکەی (هەندێ شوێن هەن مرۆڤ لەبەرامبەردا هەست بە هیچ هۆگرییەک ناکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەست بە دووژمنداری دەکات، ئەم جۆرە شوێنانە یان مرۆڤ بە ناچاری تێیدا دەژی وەک بەندیخانە و دورخراوەکان و کۆمەڵگا زۆرەملیەکان، یاخود ئەو شوێنانەی مەترسی مردنیان تێیدا دەبینینەوە، وەک بیابان و سەحراکان)[سەراج ، ٢٠٠٩ : ١٠٥ ] نموونەی شوێنی ناهۆگر لەرۆمانی "زێبرا" بەرچاو دەکەوێ بۆ نموونە "نازانم چۆن لەدەستی ئەو ژنەیان دەرهێنام، نازانم چۆن گەیشتمە بەندیخانە، لەوێ فرێیاندامە پێش دەرگا ئاسنینە ئەستوور و ژەنگاوییەکان) [ غریب،٢٠١٤: ٨٩]

مرۆڤ هەمیشە لە هەوڵی ئەوە دابووە جێگای خۆی خۆشبکات لە گەڵی بگونجێ و دەستەمۆ و هۆگری بکات، دوور نییە ئەو شوێنەی پێی هۆگرە بگۆڕێ بۆ شوێنێکی ناهۆگر، بۆ نموونە ئەگەر لەو ژوورەی کە هۆگری بووە ماوەیەک دیل بکرێت، ئەوا لێی دەبێتە شوێنێکی ناهۆگر، یان شوێنی کارەکەی ببێتە شوێنی چەوسانەوەی ئەوا دەبیتە شوێنێکی ناهۆگر بۆ نموونە کتێبخانەکەی کە شوێنی حەوانەوە و دوورکەوتنەوەی لە کێشە و گرفتەکانی ژیان بووە، بەڵام وەک دبینینی لێی بووەتە شوێنێکی نائارام و هەراسانی دەکات (من لە ژوورەکەی خۆمم، ئەو هەموو هەراسانیە چییە پێی خستووەتە ناو نیشتمانەکەم، ئەو هەموو ریسوایی و خەمەچییە خۆی خستوەتە سەر جەرگم، هەموو کتێبەکانم بۆنی مردووی رزیویان لێدێت، بۆنی کەری تۆپیو و سەگی تۆپیو لەو لاپەڕە و تیورستەکانی کتێبەکانم بەرز دەبێتەوە).. [غەریب ، ٢٠١٤ : ٣٦]

ماڵ گرنگییەکی تایبەتی لە ژیانی مرۆڤدا هەیە، نزکترین شوێنە لە مرۆڤ، مرۆڤ زۆربەی ژیانی لێ بەسەردەبات، سەربەستە لە هاتووچۆکردن و حەوانەوە تیایدا و کەموکورتییەکانی مرۆڤ دەشارێتەوە، مرۆڤ لێی بێزار دەبێ، بەڵام هەرگیز دەستبەرداری نابێت، وەک ئەوەی لەم دەقەدا باس کراوە (نا من هەرگیز پێش رووداوەکان ناکەوم، بە دڵگەرمییەوە چاوەڕێ دەکەم، هەڵێکم دەست بکەوێ و ماڵەکەم هێمن ببێتەوە، ئارام ئارام بە سینگی فراوانە و پڕ لە هەوا بگەڕێمەوە ناو کتێبەکانم [ غەریب ، ٢٠١٤: ٧]

هۆگر بوون و هۆگر نەبونیش پەیوەندی بە میزاجی مرۆڤەکانەوە هەیە (دڵێک لە چاوەڕوانی دابێت، ناو تابوت و کۆشکی پاشایەتی جیاوازی نییە بۆی) .. [غەریب ، ٢٠١٤ : ٩]

ئەو میزاجی مرۆڤە کەوا پلەی هۆگر بوون و بێ ئۆقرەی لە شوێن دیاری دەکات.

## ئەنجامەکان

١ - شوێن بە تەنها پانتاییەکی جوگرافی نییە، یان ناوەرۆکی ئەندازەی نییە، مرۆڤ هیچ کات وابەستەیی بە شوێنێکی جوگرافی رووت نابێ، بەڵکو شوێن کارلێکی نێوان چەمکی جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵە شتێکە وەکو کۆمەڵە کەسایەتییەک یا کۆمەڵە رووداوێک.

٢ - دەربڕین لە شوێن دەربڕینە لە بابەتە مادییەکان، سۆزی مرۆڤ بۆ شوێن،سۆزی مرۆڤە بۆ شتە مادییەکانی ناو شوێن.

٣ - مرۆڤ کاتێک لە شوێنێک دەژی کۆمەڵە یادگارییەکی خۆشی و ناخۆش کۆدەکاتەوە، هۆگری شوێنەکە دەبێت، بە دوورکەوتنەوە لێی تووشی نامۆیی دەبێت.

٤- شوێن پەیوەندی بە هەریەک لە بنەماکانی تری (کات، کەسایەتی، رووداو) هەیە هەر رووداوێک لە رۆماندا لەلایەن چەند کەسێکەوە لە کاتێکدا روودەدەن.

## سەرچاوەکان


یەکەم: کتێب

١ .ئەلوەنی، نەجم (٢٠١٧)، تیۆری کۆمەڵناسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٢ .ئیسماعیل، سەباح (٢٠٠٥)، ئێستا نیگای شوێن لە ئەدەب، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئارابنا، کەرکوک.

٣ .ڕەئوف، لوقمان (٢٠١٢)، ڕەهەندەکانی شوێن کات لە دەقە والآکانی شێرکۆ بێکەس، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

٤ .غەریب، جەبار جەمال (٢٠١٤)، چاپی یەکەم ، چاپخانەی رجایی، تاران .

٥ .خەیات، ئاری عوسمان (٢٠١١)، بنیاتی ڕووداو لە رۆمانی (پاشایان کوشت)ی (خەسرەو جاف) و (پێش ئەوەی واشەکە هەڵفڕێت)ی (عبدولخالیق ڕکابی)دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٦.شێخانی، جەوهەر، (٢٠١٤)، بنیاتی کارەکتەر لە ڕۆمانەکانی (حسێن عارف)دا چاپی

یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەلێر.

٧.محەمەد، میران جەلال (٢٠٠٩)، بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، هەولێر.

٨ .محبک، احمد زیاد (٢٠٠٥)، متحة الروایة، الطبعة الاولی دار المعرفه بیروت، لوبنان.

٩.مونسی، حبیب (٢٠٠١)، فەلسەفه المکان فی الشعر العربی متراءة موضوعاتیة جمالیة، منشورات اتحاد الکتاب العرب، دمشق.

دووەم: نامەی ئەکادیمی

١ .احمد،قعی جاسم (٢٠١٥)، المکانفی الروایات تحسین گرمیانی، الماجستیر، جامعه ال البیت، قسم اللغه و ادابها.

٢ .قادر، کارزان محسین (٢٠٠٩)، سیما تازەکانی ڕۆمانی کوردی (١٩٩١ – ٢٠٠٠)، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی زمان، هەولێر.

٣ .غەلی، ئازەزوو محەمەد (٢٠٠٥)، تەکنیک لە ڕۆمانەکانی (عەبدوڵا سەراج)، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٤ .محەمەد، تەنیا ئەسعەد (٢٠١١)، بینای شوێن لە دوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا (هێلانە – ئەژدیها)، نامەی ماستەر، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

٥. محەمەد، ماریا جەلال (٢٠١٥)، دەلالەتەکانی شوێن لە دەقەکانی (نەوزاد رفعەت)، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.